# هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستانی عێراق و مێژوویەکی تر

**ئاسۆ حامدی**

سوپای تورکیا ناوچەکانی پارێزراو بە یاساکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆردومان دەکات خەتی 36 ی ئامن بۆ میللەتی کورد و گوند نشینەکانی کوردستان بۆتە ئاگر و ئاسن باران، بە بەرچاوی هەموو دونیا و بەبێ شەرمانە لە قەندیل تا ڕەواندز و ئامێدی ئاسایشی نەتەوەیی میللەتی کورد لە ژێر ڕەحمەتی تەیارەکانی تورکیا و تۆپەکانی ئێران و چاوساغی هەواڵنێنەرانی سیخوڕەکانی ئەمریکایە کە نۆکەرانی سێیەمیان هەندێ لە ئەندامانی حزبە کوردیەکانن. ئەمە دروستکراو نیە و واقعی ئەمڕۆی نەهامەتیەکانی میللەتی کوردە.

نزمی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و نەبوونی ڕابەرێکی بەفعلی میللەتی کورد ئەم وەزعانەی هێندەیتر ئالۆزکردووە، لە جیاتی ئەمەش کەس پەرستی و عەشایر پەرستی و بیری تەسکی حزبایەتی و ڕابەری لە ئاست خۆیدا دروستکردووە و زیاتر بیری نەتەوەیی و ستراتیژیەکانی ڕزگاری گەلی کوردی کردۆتە مەحاڵ. هێرشەکانی تورکیا زیاتر بۆ ڕاگرتن و پەرەدانی ئەم وەزعەیە زیاتر تا لە بەین بردنی پەکەکە کە هەموویان دەزانن کە ئەم هیرشانەش وەکو ئەوانی تر دەبێت و پەکەکەش لە ناو ناچێت و میللەتی کوردیش هەر دەمێنێ. خۆ ئەگەر گریمان حزبێکیش دەکرێ لە ناو ببردرێت ئەی ئەم هەموو ملیۆن ئینسانە خۆ لە تورکیا نابن بە هەڵم !!.

هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستان بە بیانووی هێرشکردن بۆ سەر بارەگاکانی پەکەکە لە کوردستان ، هەموو چاودێرە سیاسیەکان و دەسەڵات لە کوردستان و سەرکردەکانی پەکەکەش ووتیان ئەم هێرشە بۆ سەر ئەزموونی کورد لە کوردستانی عێراقدا و دووبارە کردنەوەی مێژوویەکی پڕ لە ناسۆر و دەردو کوشتن و هێرش و بەرگری کردنە. ئەمریکا چاوڕاستی و دەزگاکانی جاسوسی خۆی لە خزمەتی تورکیا داناوە. میللەتی کورد لەم نێوەدا تەنیا یەکریزی و یەك دەنگی دەتوانێ هەوڵی هێزەکانی تورکیا بە شکست بێنێ ە هیچی تر ئەویشی نیە. ئەم هەموو بانگەشەی هاوپەیمانی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە عێراق و ئەمریکا هیچ مانایەکی پراکتیکی نەبوو و نیە هەر لە واقعدا هەر خۆشەویستی یەکلایەن بووەو دەبێ لەلای سەرکردایەتی سیاسی کورد. ئەمەش لە واقع دا یانی هەر ئاە و کەسەرە بۆ مەسەلەی کورد و هیچی تر.

دەڵێن قەندیل هەڵۆی لێ نابڕێ، باپیرانی سەربازەکانی سوپای تورکی و فارسی و عەرەبی لەم نێوەدا هەموویان سەریان لە بەردی قەندیل داوە. تەمەنی قەندیل لە تەمەنی مرۆڤەکان درێژترە و ئەگەر زمانی هەبووا ئەوا هاواری لێ هەڵدەستاو ئەم هەموو ناحەقیانەی قەبووڵ نەدەکرد. یەکێ لە دەرسەکانی ئەم هێرشە ئەوە کە ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی لە نێو ئەم ناوەدا قوربانی سەرەکیەو دەسەڵات لە کوردستان کەمی چاندووە و تا بیدورێتەوە. لەلایەکیتر دەرسێکیترە بۆ چەپ ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو لە ناوەخۆش دەسەڵات پەیدا بکەن ئەوا بەبێ پشتیوانی ئەنتەرناسیۆناڵی مانایەکی نیە و دەوڵەتانی دراوسێ و دوژمنانیان دەتوانن دەنگی ئازادی سەرکوت بکەن یان تووشی شەڕ و کاولکاری و بازنەی توندوتیژی بکەن و ئەنجامەکانی هەر سەرگەردانی و شەڕو کاولکاری دەبێ.

خەڵکی کوردستان ئەزموونی زۆری سەرکوت و هێرشکردنی داگیرکەرانیان هەیە، بۆیە جار جار هێرش دەکەن و جارجارەش قەبووڵ دەکەن، ئەوانیش شارەزایی سەنگ و سوکی هێزەکانیان هەیە بە هەموو سادەییەکی خۆیانەوە.
لە هەمووی سەیرتر ئەم وەزعە بۆ هەمووان ڕۆشنە بۆ دۆست و دوژمنان. لێرەدا کیشە ناوخۆییەکان و کیشە دەرەکیەکان لە نێو خۆیاندا یەکلا دەبنەوە. میللەتی کورد تا ئیستاش ئەم دووە بە جیایی نابینێ و تێکەڵاویان دەکات.

خەڵکی کورد لەم سنووره داخراوەو دروستکراوەدا بێ مانا و دەست وەستان گیرۆدەکراوە. خەڵکی کوردستان هەموویان هیچ سنوورێکی سروشتی و جوگرافیایی لیکیان جیاناکاتەوە، ئەمە نەک لە سۆزی نەتەوەیی سەرچاوەی گرتووە بەلکو مەسەلەیەکی سروشتی ناچەکەیە.
هێرشی دوژمنانی ئەم نەتەوەیە دژی گشتە هەروەها هەموو هێزە سیاسیەکان بەبێ جیاوازی دەبینن. بەنموونە بەعسەیەک کاتی خۆی تەنانەت نەک حزبە کوردیە ئۆپۆزیسۆنەکان بەلکو هەموو حزبە کوردیەکان تەنانەت حزبە کارتۆنیەکانی پارتی عەزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی و حزبی شۆرشگێرانی عەبدولستار تاهیر شەریفی کۆتایی هەفتاکان سەدەی ڕابردوو و ئەحزابەکانی تری وەکو یەک سەیر دەکرد.چۆن لە نەزەر پارتە ئاینیەکان هەموو حزبە سۆسیالیستەکان یەکن و بە پێچەوانەش هەروایە.

هێرشی سوپای تورکی دژی تەواوی گەلی کوردە، ئەم ڕستەیە بەڵگە نەویستە، پەکەکە و یەکێتی و پارتی و حزبە سۆسیالیستیەکانی کورد لە تورکیا و هەموو وولاتانی دەوروبەری تر هەموویان هەروەها لەنەزەری دەنیز بایکاڵ و سوپای تورکیادا هەموویان یەک هەڕەشەدەکەنە سەر ئەمنیەتی دەوڵەتی ناسیونالیستی تورکی.
ئەمە بۆ ناسیونالیستیکی عەرەب و فارس یش هەروایە.
ڕەنگە ناسیونالیستێکی ڕاست ڕەوی کوردیش هەموویان لە خەودا وەک یەک ببینێت، بەڵام ڕابەرەکانی کورد نا، هێشتا لە خەوی کلکایەتی بۆ دوژمنانیان بەخەبەر نە هاتوون.
هەرچۆنێ بێ میللەتی کورد لەم نێوەدا خۆڕاگرو دیفاعکەری مانەوەی خۆیەتی هەرجارەی بە جۆرێ. سروشتی کوردستان باشترین هاوڕێیە بۆ ئەم دیفاعکردنە.
ئەمەش پێداوێکی سروشتیەو هەر گەلێ دەبێ لە شتێ بەهرەمەند بێ، میللەتی کوردیش ئەمەی بەرکەوتووە.
لەم هێرشانەش سوپای تورک تەنها دەسکەوتەکانیان قوربانی میللەتی بێ دیفاع و سروشتی کوردستانە و پیس بوونی ژینگەیەو هیچی تر. نە گریلاکان و نە بزوتنەوەی ئازادی گەلی کورد لەنێودەچێ و نەهیچی تر. بەڵام ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد دیپلۆماسی بێت دەتوانێ ڕێگا چارەیەکی تر بۆ میللەتانی هێرش کەر و دەزگای سوپاکانیان
دیاری بکات . نە گرتنی بەڕێز ئۆچەلان و نە تیرۆری بەرێزان قا سملۆ و شەرەفکەندی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیەک نین.
مێژوو ئەمانەی بە پراکتیک کردۆتەوەو تەنها قوربانی نەتەوەکانی ناوچەکان نەبێ هیچی تر دەسکەوتی کێشەکان نین. میللەتانی دەسەڵاتدارو سەرکردایەتیەکان هەمووی باش دەزانن، بەڵام مەوقعیەتی میللەتی کورد تەنها دیفاع کردنەو بەس، ئەمەش لەیاسای سەربازی دا یانی شکست. لەم نێوەدا میللەتی کورد دەبێ بۆ زیاتر چەسپاندنی داواکاریەکانی زیاتر هێرش بکات، هێرشێکی

بەرنامەریزو تەواو بکاتە سەر دوژمنانی نەتەوەکەی.
ئەمەش نەک هەر لەباری سەربازی بەڵکو لەباری هەموو مەیدانەکانی تری ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و هەموو مەیدانەکانی ژیاندا. ئەم مەسەلانەش هەموویان دەبێ بە هۆشیاری و بەرنامەڕیزی بچنە پێش. دوژمنانی میللەتی کورد هەموو میللەتی کورد بەیەک چاو دەبینن و جیاوازی نێوان باڵە جیاجیاکانیان ناکەن.
لەم نێوەدا سوپای تورکیا و عێراقی کۆن و ئێران ئەزموونێکی زۆریان هەیە، لەهەمان کات سۆزی نەتەوەیی و هاووڵاتی کورد بۆ ئینتمای نەتەوەیی لە ڕۆژانی تەنگانەدا ئەوە هەموو هاوکاری یەکتریان کردووە.
لە کوردستانی عێراقدا دەکرێ کورد زیاتر دەسکەوتی نەتەوەیی خۆی بەدەست بێنێ و لە سنووری دیفاعکردن ڕەت ببێ. لەوانەیە ئەمە بۆ ئێران و تورکیە و سوریا کەمتر بکرێت بەڵام ئەمە مانای نیە هەر دەستەوەستان بێت و تەنها بەرگری کردن ببێتە پیشەی هەردەمیان.
ئەگەرچی ڕابەرانی میللەتی کورد هەڵویستیان هەرچی بێ ئەوا مقاوەمەت و کۆمەکی میللەت لە هەموو پارچەکاندا بۆ یەکتر هەر هەبووە و دەمێنێ. ئەگەرچی زۆرجار شەڕی براکوژی یەکتریشیان پێ کردوون.
مێژوو بیری تیژە و گشت شتێ تۆماردەکات و
گەلیش ڕۆژێ حساب بۆ هەموو هەڵە و هەڵویستەکان دەکات و هەر کەس و حزبێ مێژووی خۆی هەیەو شەرم لەکەس ناکات و مێژووش بەکەس ڕەش (ناکوژێتەوە) ناکرێتەوە.
بە خۆشیەوە مێژوو چاک دەکرێتەوە بەڵام ڕەش ناکرێتەوە.

لەم نیوەدا زۆرجار سەرکردایەتی سیاسی کورد لە نێو حزبە جیاجیاکاندا گرفتە بۆ خودی مەسەلەی کورد، دەهەپ لە تورکیا لە ئاشێ لێ دەکات و پەکەکەش باراشێکی تری هەیە ، لەیلا زانا و ئەوانی تریش باسی خۆیان هەیە ، کرێکارانی دیسک لە باتمان و دیاربەکریش قسەی خۆیان هەیە چۆن حزبی سۆسیالیست و لایەنگرانی بورقای ڕەفتار و بەیانی تریان هەیە، ئەم نا تەباییە لە نێوڕیزەکانی گەلی کورد ئۆپراسۆنەکانی گەلانی باڵا دەست بۆ سەر گەلی کوردی بێ پشتیوان زیاتر دەکات. چۆن دژایەتیەکانی کورد لە ئەوروپا لە سنووری حزبایەتی و لایەنگری حزبی زیاتر ناڕوا و لە بەردەم باڵوێزخانەکانی تورکیا لە ئەوروپا لەم هەموو هەزاران کوردە سەدان کەس دەبینرێن. ئەم ناتەباییەی میللەت لەبەرامبەر دوژمنانی هێندەی تر دەردی میللەتی قورس کردووە. ئەم جارەش ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا لە دوا هەنگاوی دا کۆتایی دێ و مەسەلەی نەتەوەیکیش بێ چارە دەمێنێتەوە، چارەسەری مەسەلەی نەتەوەی کورد خۆی لە داخوازیەکانی نەتەوەیەکی ژێر دەست دەبینێتەوە، ئەم داخوازیە ڕەوایەش حاشا هەڵنەگرە و بە کەس کپ ناکرێ، کپیش بکرێ هەر سەر هەڵدەدەنەوە.
مێژوو پێمان نیشان دەدات کە قەندیل و داخوازیەکانی لە گەڵ داخوازیەکانی گەلانی ژێردەستەدا لە تەواوی دونیادا دەبێ بە چارەسەری کۆتایی بگەن، سەرکوت و هێرشکردن هیچ چارەنووسی یان نیە ئەمەش دەرسێکی مێژووە، ئابووری ووڵاتی تورکیاش بەرگەی ئەم هەموو تۆپ بە چیاوە ناگرێ. لە لایەکی تر شەپۆڵی نارەزایەتی دژی داگیرکردن و کوشتن و هێرشکردن بەرزتر دەکاتەوە.
ئەمجارەش نەپەکەکە کۆتایی دێ و نە دوا هێرشی نەوەکانی سوڵتان عەبەلحەمید، بەڵام یەکگرتووی گەلانی ژێردەست و بزوتنەوەکانی دەتوانن ڕێگا چارەتر بگرنە بەر ئەویش زیاتر هێرشەکانیان بۆ سەر دوژمنانیان بە بەرنامەیەکی سیاسی درێژخایان و پان و بەرین، سەرشۆڕکردن و ڕازی بوون بە

مەرجەکانی زۆرداران تەنها سەرکوت و داگیرکردن و ژێردەستەیی لێ دەمینێتەوە.
ڕەنگە ئەم هێرشانە بۆ مەحدودیاتی زۆر بۆ پەکەکە و چەکدارەکانی دروست بکات ، بەڵام میللەتی کورد لە نێو تەواوی تورکیا هەر دەمێنن. ئەم هێزە هەر دەمێنێ و ئەمە هیچ لە خەباتی میللەتی کورد لە تورکیا ناگۆڕێ. هێز لە یەکگرتن و یەکێتی دایە. ئەمڕۆ لە دوای چەندین ڕەزالەتی وماڵوێرانی میللەتی کورد ڕۆژی ئەوە هاتووە ئیتر مێژوویەکیتر دەست پێ بکەن، مێژووی هێرش بۆ سەر دوژمنانی گەل.

دیسەمبەری 2007